


# چیرۆکی چیرۆکەکانم

هەمیشە لەپشت هەر چیرۆکێکدا، چیرۆکێک هەیە، بەتایبەتی گەر بڕوامان بەوەبێت کە بابەت لەناو هەر چیرۆکێکدا وەک دڵێک وایە کە بێ ئەو ئەندامە چالاکە، مرۆڤ بێجگە لە تەنێکی مردوو، هیچیدیکە نییە، بۆ هەندێک نووسەر ڕووداوێکی پڕ لە ململانێ گرنگە: ململانێ لەناو خودی مرۆڤەکەدا بێت، ململانێ لەنێوان مرۆڤێک و مرۆڤدا ، مرۆڤ و دەوروبەر یاخود سروشت و هەموو ڕەگەزە دژوارەکانی، دواجار لەناوئاخندا چیرۆکنووس پەنا دەباتە بەر تانوپۆ و گرێچنێکدا تاوەکو بە هەناسەسواریی بەخۆیەوە هەڵمانناوسێت، هەر لەسەرەتاوە تاوەکو کۆتایی.

لەوانەیە ئەمەیان ڕوانینێکی کلاسیکییانە بێت بۆ چیرۆکنووسین، بە کەڵکی هەموو نووسەرێک نەیەت، بەڵام من بۆخۆم باوەڕم پێیەتی، تا هەنووکەش لەسەری دەڕۆم، هەتا بۆ ڕۆمانیش هەمان سیاسەت بەڕاست دەبینم، ناوەرۆک هەرچییەک بێت، پەیامەکەمان چەندە پیرۆز بێت، بەبێ جیهانبینییەکی ڕۆشن، چیرۆکەکە بێ مانا دەردەچێت، بۆ ساختمانێکی تۆکمەی ئەو چیرۆکە، بێجگە لە زمان هیچ کەرەستەیەکی دیکە شک نابەین، ڕەنگە بێ ئەو زمانەی کە دەیخوازین، گەر نەگەینە ئەو مەرامەی ئەدەبی چیرۆک دەیەوێت، هەرهەموو ئەفسوونەکە بەتاڵ بێتەوە، بۆخۆم لە سەرەتادا پەنام دەبردەبەر هەموو ڕەگەزەکانی چیرۆک، بەڵام ئەو زمانەم دەستنەدەکەوت کە ئەو پەیامە ئینسانییەی تێدا بەرجەستەبکەم کە دەمخواست، هەر لە سەرەتاوە هەوڵمدا خەمە کۆمەڵایەتییەکان بنووسمەوە، دەتوانم بڵێم هەژاریی من لە بەرامبەر زمانی کوردیدا، هی ئەوەبوو کە من وەک زۆربەی کەسانی نەوەکەی خۆم بۆ خوێندنەوەو نووسین پتر بە زمانی عەرەبی ئاشنا بووین، بەتایبەتی کە پرۆگرامی خوێندن لەو سەردەمەدا بە عەرەبی بوو، ڕاستی بەجۆرێک کەوتبوومە ژێر سیحری عەرەبی کە سەرەتا چەندەها دەقم بەو زمانە نووسی، بێجگەلەوەی کە من لە تەمەنی دوازدە ساڵیدا "قورئان"م خەتم کرد، ئەو هەستەشیان لەلا دروستکردم کە زمانی عەرەبی لە کوردی پیرۆزترەو جوانترە، مادامەکێ خودا خۆی دواکتێبی خۆی بەو زمانە ناردووە، سەرباری ئەوەش کە پێیانوتم زمانی خەڵکانی بەهەشتنشین هەر عەرەبییە. فێربوونی زمانێکی باڵای نووسین بە زمانی دایکم بۆ من سەفەرێکی درێژو کوشندەبوو، تاهەنووکەش بەردەوامە.

لە سەرەتای حەفتاکانەوە بە شیعر گوزارشتم لەخۆم دەکرد، بەڵام دوای یەک- دوو ساڵ چیرۆک بوو بە خولیام، لە ناوەڕاستی حەفتاکاندابوو کە بەو زمانە هەژارەو بە تەکنیکێکی بێنموود یەکەم چیرۆکم بە ناوی "مامز"ەوە نووسی، کە پتر دەربڕی خەمێکی کۆمەڵایەتی خۆم بوو، کە هەر بەڕاستی دەمویست کچێک لە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی ڕزگار بکەم کە دەیانویست بەزۆر بەشووی بدەن، لەو گەڕەکە هەژارنشین و ماندووەی خۆماندا، گەڕەکی "کوران" لە هەولێر. ئەوە چل ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوەدا تێپەڕیوە و کەچی هێشتا لە کوردستان-دا بەزۆر بەشوودانی کچان وەک دیاردە هەرماوە، هەروەک زۆر نۆرمی کۆمەڵایەتی داڕزیو و دواکەوتووانە کە نەگۆڕاون.

من پتر لە "دۆن کیخۆتە"دەچووم، پاڵەوانەکەی "سێرڤا نتس"ی ڕۆماننووس کە بە خەیاڵی خۆی دەستدەکات بە سەرکێشییەکی گەورە، گوایە دەیەوێت دونیا لە خراپەکاریی ڕزگار بکات، هەتا وا هەستدەکات لە شوێنێکی دوورەدەستەوە کچێک هاواری بۆ دەکات، تاوەکو لە داو و تەڵەو گۆبەندێک کە تێیکەوتووە، قوورتاری بکات، پێموایە ژمارەیەکی زۆر لە نووسەران خەیاڵێکی وا خۆشیان هەیە کە دونیا لە پیسیی و بەدکاریی پاکدەکەنەوە، بەڵام زۆر نابات و ئەو خەیاڵە دەڕەوێتەوە، چونکە دواجار خودی نووسەر بۆ خۆی دەستەپاچەو گیرۆدەیە. دیارە "دۆن کیخۆتە" لەپای خوێندنەوەی دەیەها داستانی سوارچاکی ئەم خۆشخەیاڵییەی بۆ دروست دەبێت، کە پاڵەوانەکانی بە جوامێریی و نەبەردیی ناسراون، کە هەمیشە فریای لێقەوماوان دەکەون و لە هیچ ناترسن، خودی ئەم دۆخە دەمانباتەوە ناو سیحری ئەدەب و هونەر کە خەیاڵی گۆڕانێک لە مرۆڤدا فەراهەم دەکات، یان وەک "ئۆسکار وایەڵد" واتەنی: دەکرێت ژیان لاسایی هونەر بکاتەوە.

من دەیەها چیرۆک و ڕۆمانم خوێندبۆوە کە پڕ بوون لە جوانیی و جوامێریی و سەرکێشیی، بێجگە لەو فیلمە هیندییانەی پڕ بوون لە ئەڤینداریی و قوربانیی تا ڕادەی خۆتراندن و مەرگ، ئەو فیلمانە پتر لە کتێبەکان خووی منیان شڕ کرد، هەر لە هیچە بۆ خۆم بە کەمترین ڕووداو دڵگەرم دەبووم و خۆم دەکرد بە خاوەنی، کە کچەو کوڕە بەیەکدی نەدەگەیشتن من چەندین ڕۆژ نەخۆش دەکەوتم، تاوەکو فیلمەکە کۆتایی دەهات... هەر دەگریام، بۆ بەدبەختیش چەندبارە دەچوومەوە ئەو فیلمانە، دایکم خەمی بۆ دەخواردم کە لەجێگادا کەوتووم، بێئەوەی بزانێت کوڕەکەی نەخۆشی دەستی ئەو چیرۆک و فیلمە غەمناکانەیە.

هەر ئەو خولیاو خەیاڵ و خەمە وای لێکردم کە خۆم بە جوامێر بزانم و نەهێڵم ئەو کچە تازەباڵقبووەی گەڕەکێ بەزۆر بەشوو بدەن کە ناوی "نەخشین" بوو، لەترسی ئەوەی نەبا ئاشکرا بم و کەسێک چیرۆکەکەم بخوێنێتەوە کە دەمویست دواتر بڵاوی بکەمەوە، چونکە هەم خۆم و هەم ئەو کچەم بەدناو دەکرد، ناوەکەییم گۆڕی و کردم بە "مامز"، چونکە ئەوەم خوێندبۆوە کە "جۆیس" لەسەر کۆمەڵە چیرۆکی "خەڵکانی دەبلن" داردکاریی کراوە. دایکیشم هەواڵێکی وا جەرگبڕی بۆ هێنام، کە گوایە ئەو کچە بەستەزمان و هەتیوە دەدرێت بە پیرەپیاوێک کە سیل و وەرمییەتی و خاڵێکی ملۆزمی لەبری ئەو کچە دەبانچەیەک لەو پیرە زاوایە وەردەگرێت، ئەمەیان تەواو غیرەتی ئاگردام و بڕیارمدا من بچمە خوازبێنی و لەو مەرگەساتە قورتاری بکەم، کە جگە لە چاکوچۆنی و نیگایەکی شەرمنانە هیچ ڕازو نیازێکی عاشقانەمان نەبوو، بەڵام لەژێرەوە سۆزێکی کەمم لەدڵدا دەگەڕا، بەتایبەتی کە دەمزانی بێکەسەو ستەمی دەرهەق دەکەن، من هێشتا قوتابی زانکۆ بووم و لە خانوویەکی گڵین و پەڕپووتی ژوورێک و نیوی زیاتر هیچمان نەبوو، ماڵێکی پڕ لە منداڵی سەرکەوینکە کە بەزۆر جێمان دەبۆوە، دەرامەتێکی کەمی باوکە کە جاروبار لە قومارێکدا دەیدۆڕاند، توانیم دایکم قایل بکەم کە بە باوکم بڵێ و ئەو کچە لەو چارەنووسە ڕەشە ڕزگار بکەم. وەڵامەکەی باوکم کە لە زمانی دایکمەوە بیستم جەرگبڕتر بوو، کۆتاییەکەی وەک فیلمی هیندی و چیرۆکە غەمهێنەکان کوشندەبوو. باوکم کە هەمیشە و ئاسان توورە دەبوو... کە ئەمەی بیستبوو، وتبووی: ئەو هەتیمە عەقڵی هەیە؟... با لۆ خۆی گوو بخواتن...! ئەو کچە چووە ڕێگای خۆی... دایکم واتەنی... بەڵام چ ڕێگایەک؟! هەر بەڕاستیش سۆزو بەزەیی و خۆبەجوامێرزان کوێری کردبووم... عەقڵی چی...!

***گۆشەیەکە؛ دوو ژمارە جارێک شێرزاد حەسەن دەینووسێت.**



# چۆن لەدەستی هەندێک لەکتێبەکانم ڕزگارم بوو؟




دوای ئەو دووەمین بوومەلەرزە گەورەیەی کە لەو ماوەیەی دواییدا بەر تورکیا کەوت، ئەوەی مانگی تۆقەمبەری ساڵی (١٩٩٩) دای لەبولیو. لە سوچێکی کتێبخانەکەمەوە گوێم لە دەنگی کرتەکرتێک بوو. من کتێبێکم بەدەستەوەبوو، لەسەر جێگاکەم ڕاکشابووم و دیقەتی ئەو گلۆپەڕووتەی سەقفەکەم ئەدا کە بەسەر سەرمەوە هە لۆ ا سرا بو و. کتێبخا نە کە ی

منیش لەم بوومەلەرزە بەهێزە قوتاری نەبوو. بوومەلەرزەکە خۆشمی ڕاتەکاند و لە جێگاکەی خۆم ڕاپەڕاندم، هەروەک چۆن لە بوومەلەرزەکەی پێشوودا ڕوویدا، ئەمجارەش بەجۆرێک ترسام هەستمکرد فێڵە، دوای ئەوە بڕیارمدا کتێبخانەکەم سزا بدەم.

لەبەر ئەم هۆیە،بەهەستێکی ڕازیبوونی سەیرەوە دووسەد و پەنجا کتێبم لە کتێبخانەکەم خێرا هەڵبژارد و فڕێمدان. وام ئەزانی سوڵتانێکم و لەناو قەرەباڵغییەکی گەورەدا خێرا هێما بۆ ئەو خەڵکانە ئەکەم کە ئەبێت لەسێدارە بدرێن، یان وەک خاوەنکارێک ئەو کەسانە هەڵئەبژێرم کە ئەبێت دەربکرێن. ئەمویست بەمە سزای ڕابردووی خۆم بدەم، لەهەمان کاتیشدا لەزەتم لە فەنتازیاکردنی هەڵبژاردنی ئەو کتێبانە ئەبینی کە کاتی خۆی کڕیبووم و هێنابوومنە ماڵەوە، تا دواتر بیانخوێنمەوە. دوای فڕێدانیان زیاتر هەستم بە ئاسودەیی کرد، بەقەدەر ئەوەی هەستبکەم سزام دابن.

ئەم هەستکردن بەخۆشییە بیانوویەکی باش بوو تا باسی پەیوەندیی خۆم لەگەڵ ئەم کتێبانەی ناو کتێبخانەکەمدا بکەم. حەزئەکەم هەندێک قسە لەسەر کتێبخانەکەم بکەم، بەڵام نامەوێت لەم ڕێیەوە جیاوازیی و دانسقەیی و تایبەتمەندیی کتێبەکانم باسبکەم کە چین، هەروەها ناشمەوێت فشەش بەوەوە بکەم کە گوایە چۆن ئەم کتێبە گرانبەهایانەم بۆ نموونە لە کتێبفرۆشییەکی پڕاخ کڕیوە، چونکە من لە وڵاتێکدا ئەژیم لای هەندێک کەس نەخۆشییەکی گەورەیە کتێب بخوێنیتەوە، هەروەها ناشتوانم ڕێزی ئەو گرووپە کەمەش بگرم کە شەیدای کتێبن و لە ژیانی ڕۆژانەدا لەڕووی هەستەوە خۆیان بەسەر ئینسانەکانی تردا بائەدەن. لە ئێستادا کێشەکەی من ئەوە نییە ئەوە ڕوون بکەمەوە کە چەندە حەزم لە کتێبە، بەڵکە ئەوەیە کە پێتان بڵێم چەندە ڕقم لێیانە. باشترین ڕێیەکیش بۆ ئەوەی ئەمە ڕوون بکەمەوە ئەوەیە کەباسی ئەوە بکەم چۆن لە دەستی هەندێک لەو کتێبانە ڕزگارم بوو.

کتێبگەلێکی زۆرم فڕێدان، چونکە کەس باوەڕ بەوە ناکات کە کاتی خۆی بەچ چاوێکی جدییەوە سەیرم کردوون. ئەمەش خولیایەک بوو بۆ ئەوەی لە کوڕێکەوە ببمە پیاوێکی گەنج. خۆم قوتارکرد لە دەستی ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆمانی تورکی، شیعری خراپ و کتێبی کۆمەڵناسی، ڕۆ ما نی سۆڤیەتی، ڕۆمانی خۆماڵیی دەرەجە دوو، گۆڤارە چەپەکان کە بەشانازییەوە کۆم ئەکردنەوە و وەک لە ڕۆمانەکەی خۆمدا «کتێبەڕەشەکە» ئەرشیفم ئەکردن. بیۆگرافی، گۆڤاری نیمچەڕووت و کتێبە بەناوبانگە زانستییەکان کە جارجارێک ئەمکڕین، چونکە بێ ئەوان نەمئەکرا و لە سوچێکی کتێبخانەکەدا دامئەنان، بۆ ئەوەی دواتر فڕێیان بدەم.

ئەو هەستی بەکەمزانینەم بۆ کتێبێک و سەیرکردنە سەرپێیانەکەم لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە ئەو کتێبە برینێکی قووڵی نادیار و ئازاراویی تێکردبووم. بەکەمگرتنی من بۆ کتێبێک تەنها هەر لەوەوە نایەت کە «بیروڕایەکی سیاسیی، وەرگێڕانێکی خراپ، ڕۆمانێکی مۆدێل، گفتوگۆیەکی سواو» بێت، بەڵکە ناڕەحەتی من لەوەوەیە من چۆن ئەم کتێبانەم کڕیوون و لەناو کتێبخانەکەمدا شاردوومنەتەوە، تەنانەت هەندێکیشیانم خوێندوونەتەوە. لە ڕاستیدا من شەرم نامگرێت لە بەرامبەر ئەو کتێبانەدا، بەڵکە لەبەردەم خۆمدا شەرم ئەمگرێت کە من بۆچی هێندە بەبایەخەوە سەیرمکردوون.

ئێستا گەیشتوومەتە بەردەم پرسیارە سەرەکییەکە: ئەویش ئەوەیە من هەست بەهیچ شانازییەک ناکەم لەبەردەم کتێبخانەکەمدا، ڕاستره بڵێم کتێبخانەکەم بۆتە سەرچاوەی نائارامیی و بێتاقەتیم. کاتێک کە گەنج بووم خەونم بەوەوە ئەبینی ئەگەر ببمە نووسەر، ئەوا پۆز بەسەر کتێبخانەکەمەوە لێ بدەم، بەڵام ئێستا کتێبخانەکەم تەنها تووشی خەمۆکیی کردووم و بیر لەو هەموو پارەو کاتە ئەکەمەوە بۆم تەرخانکردووە. لەمەودوا ئیتر ئەوە گرنگ نییە کتێبی باشم هەبێت، بەڵکە گرنگ ئەوەیە کە کتێبی باش بنووسم.

ئیتر ئەوە گرنگ نییە کتێبی باشم هەبێت، بەڵکە گرنگ ئەوەیە کە کتێبی باش بنووسم

مەرجە کە تۆ تا ئاستێکی زۆر کات لەگەڵ کتێبی باشدا بەسەربەریت، بەڵام خوێندنەوە نیشانەی ئەوە نییە کە تەنها چاو و هۆشیاریت بەسەر لاپەڕەکانەوەبن، بەڵکە ئەوەیە هەموو ڕۆحی خۆت بخەیتە ناو نووسینەکەوە. هەر هۆی ئەم نەتوانینەشە کەمتر ئینسان حەزی لە کتێب بێت. هەموو کتێبخانەیەکی تاکەکەسی باش ئەبێت هەندێک لەو کتێبانەی تێدابێت کە لەگەڵ یەکتریدا کێبەرکێ ئەکەن. ئەم جۆرە کێبەرکێیەش گرژییەکی گەورە لای نووسەری داهێنەر دروست ئەکات. فلۆبێر جارێکیان وتوویەتی، بۆ ئەوەی ببیت بە پیاوێکی تێگەیشتوو، زۆر باشە بتوانیت دە کتێبی باش بژمێریت، کە زۆر بەوردیی خوێندووتنەتەوە، بەڵام زۆرینەی ئینسانەکان ئەم توانا زۆرەیان نییە، بەڵکە بەوەندە ڕازین کتێب کۆبکەنەوەو شانازیی بە کتێبخانەکەیانەوە بکەن، بەڵام من بیانوویەکی باشم هەیە لەکۆکردنەوەی ئەم کتێبانە، ئەویش هەژاریی کتێب و کتێبخانەیە لە وڵاتەکەمدا. ئەم دوانزە هەزار کتێبەی لە کتێبخانەکەمدا هەیە، بۆ من سەرچاوەیەکە بۆ ئیلهامێکی بەردەوام لە کارەکەمدا.

لەناو سەرجەم کتێبەکانی کتێبخانەکەمدا، دە تا پانزە کتێب هەن لە ڕاستیدا خۆشمئەوێن، بەڵام ئەمە نیشانەی ئەوە نییە کتێبخانەکەم بتوانێت بمکات بە کەسێکی زۆر هەستیار. بەڵکە کتێبخانەکەم تەنها پشکێک و سەروەتێکی پەرشوبڵاوە، خۆڵ و خاشاکێکی کەڵەکەبووەیان بارێکی شانە کە من بەهیچ شێوەیەک حەزم لێی نییە. ئەوەی من دڵخۆش ئەکات ئەوەیە هەرچ کاتیک بمەوێت ئەتوانم بخوێنمەوەو لە کتێبەکانەوە نزیک بم، هەروەک چۆن ئینسان بە بیرکردنەوە لەو ئافرەتەی کە خۆشی ئەوێت دڵخۆش ئەبێت.

لەبەرئەوەی ئەم مەیلی حەزلێکردنەم بۆ کتێب وەک عەشق ئەمترسێنێت، بۆیە هەموو جارێک هێندەی ئەو عەشقە پێمخۆشە کە لە دەستی هەندێک لە کتێبەکانم ڕزگارم ئەبێت. من لەو ماوەیەی پێشوودا ئەم بیانووی فڕێدانی کتێبانەم دۆزییەوە کە پێشتر نەمبوو. ئەو هەموو کتێبەی ئەو نووسەرانەی کە لە کاتی گەنجیمدا ئایکۆنێکی ناشیونالیستی بوون، لەم ساڵانەی دواییدا هەموو وزەی خۆیان تەرخانکردبوو بۆ ئەوەی بڵێن کتێبەکانی من چەندە خراپن. سەرەتا من وەک پەسنێک قسەکانی ئەوانم بۆ خۆم وەرئەگرت، بەڵام ئێستا ئەوان هۆیەکی زۆر باشتریان لە بوومەلەرزەکە خستە بەردەستی من، کە کتێبخانەکەم لە کتێبەکانی ئەوان پاک بکەمەوە، ئەو نووسەرە دەرەجە دوو نیمچەناسراوانەی تەمەنیان لەنێوان پەنجا تا حەفتا ساڵ ئەبێت و یەک لەدوای یەک لە ئەدەبیاتی نووسراوی تورکیدا بەرەو نەمان ئەچن.

سەرچاوە:
Andra Färger. Orhan Pamuk.
Norstedts 2010




ڕۆژنامە پەیڤ 5
ژمارە (13)
سێشەممە 2011/6/7